به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# دەرکردنی ٣٢٦ ژمارەی ڕامان لە ماوەی ٢٨ ساڵی بەردەوامدا کارێکی نەک ئازایانە، بگرە کارێکی پاڵەوانانە بوو کە لە مێژووی ئێمەدا نەکراوە

**عەتا نەهایی**
**(سەقز)**

ئەم کاتەتان باش

هیوادارم دەستپێکی ڕۆژێکی خۆش و پڕ لە وشەی کوردی، پڕ لە وشەی حەق، وشەی حەقیقەت بەڕێ بکەن.

وشەیەکی باو هەیە دەڵێ جیاوازیی ڕۆژنامە لەگەڵ کتێب ئەوەیە، ڕۆژنامە با دەیبات، کتێب لە کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە. ڕاستییەکەی با دەیبات بە مانا خراپەکەی نییە، ڕۆژنامە باسی بابەتە ڕۆژانەکان دەکات، بە هەموو پێویستییەکانییەوە و لە درێژماوەدا کاریگەریی ڕۆژانە دادەنێت، لەبەر ئەوەی بابەتەکان زیاتر ڕۆژانەن و لەبیر دەچنەوە، بەڵام کتێب بەپێچەوانەوە کاریگەرییەکی درێژماوەتری هەیە، باسی بابەتە قووڵەکان دەکات، نووسینی تاکەکەسە، جاری واشە بەرهەمی تەمەنێکی مرۆڤێکە، تەمەنی نووسەرەکەیەتی.

لەم ناوەدا لەناو ئەم کێشمەکێشەدا گۆڤار، بەتایبەتی گۆڤاری فەرهەنگی - ئەدەبی، مینبەرێکی فەرهەنگیی دیموکراتیکە بۆ کۆمەڵێک دەنگی سەربەخۆی خاوەن ئایدیای حەقبێژ و هۆشیار لە بوارە جیاوازەکاندا، کەواتە گۆڤار وەکوو کتێب کاریگەرییەکانی درێژماوە و قووڵترە، خوێنەریشی بەپێچەوانەی خوێنەری ڕۆژنامەوە، زۆر جار خوێنەرێکی دەستەبژێر-نوخبەترە.

من نامەوێ بکەومە ناو ئەو وردەکاریانەوە کە گۆڤارەکان چ دەورێکی جیددییان لە ڕۆشنگەری و بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرەسەندنی فەرهەنگی کۆمەڵگە، بەتایبەتی قووڵکردنەوەی فەرهەنگی سەردەمەکە لە ناخی کۆمەڵگەدا هەبووە. گۆڤارەکان، وەکوو هەموو میدیای دیکە، وەکوو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ئەمانە دەورێکی باڵایان بەتایبەت لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە، لە هەموو بوارەکاندا، بواری ئابووری، زانستی و هەموو بوارە فەرهەنگی و ئەدەبییەکاندا بینیوە. بەو پێیە ئێمەی کوردیش لە سەرەتای سەدەی ڕابوردووەوە لەگەڵ دەرکەوتنی کاری ڕۆژنامەوانیدا کاری گۆڤارمان کردووە. نازانم بڵێم بەداخەوە، یان بەخۆشییەوە، بە هەرحاڵ ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کوردە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان لە سەرەتای کارکردندا

سیمایەکی هاوشێوەیان بووە.

زۆرتری بابەتەکان کە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، بابەتی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و فیکری، لەگەڵ بابەتی فەرهەنگی و ئەدەبییش شانبەشانی ئەوانە ڕۆیشتوون. ئێمە تا ئێستاش بەدەگمەن نەبێ نەمانتوانیوە بۆ هەر بوارێکی زانست، وەکوو ڕامیاری، ئابووری و لایەنەکانی تر، گۆڤار، یان چەند گۆڤارێکی سەرکەوتووی تایبەتمان ببێ، ئەگەرچی بەشێک لە ڕێکخراوەکان و بەشێک لە دامودەزگا فەرهەنگییەکان ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە، بەڵام هێشتا کارێکی سەرەتاییە. گۆڤار بە ناسنامەی فەرهەنگی - ئەدەبییەوە بەشێکی جیددی لە شوناسی گۆڤاری کوردییە. گۆڤاری کوردی هەمیشە لایەنێکی بەرجەستەی ئەدەبی بووە، لایەنێکی بەرجەستەی فەرهەنگی بووە و بەقەدەر پێویست ئاوڕی لە لایەنەکانی تریش داوەتەوە.

ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەتایبەتی لە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاردا ڕووی داوە، لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ کە لەم بەشەی کوردستاندا ڕووی داوە، دەسەڵاتێکی بەدەستەوە بووە، لە دوای ئەوەی کورد خۆی توانیویەتی بەدەر لە دەستی بێگانە سەرپەرشتیی کارەکانی خۆی بکات. ئەزموونی خۆم بەشێکە لەم ئەزموونە، واتە زیاتر ئاگاداری ئەم ئەزموونەی دوای ڕاپەڕینم، لە سەرەتاوە کۆمەڵێک گۆڤار هەم لە سلێمانی، هەم لە هەولێر، تەنانەت لە کەرکووک و لە شارەکانی تریش سەریان هەڵدا، کە بەداخەوە لە هەندێ قۆناغدا ئەم گۆڤارانە کەوتنە ناو جۆرێک ململانێی سیاسییەوە، تەنانەت لە قەبارە و نووسەرەکانیشیاندا ڕەنگی دایەوە، بەڵام لەناو ئەمانەدا چەند گۆڤارێک، کە من دەتوانم بڵێم بەتایبەت گۆڤاری ڕامان مینبەرێک بوو، ئەوەندەی پێی کرا و ئەوەندەی توانی نەیهێشت سێبەری سیاسەت بەسەرییەوە بێت و خۆی لەو شەڕ و ململانێ سیاسییانە دەرباز کرد کە لەناو کۆمەڵگەدا هەبوون، بە هەموو سەلیقەی سیاسی و فیکری و فەرهەنگییەوە، خۆی کرد بە مینبەرێکی جیددی بۆ هەموو نووسەرانی کورد، بە هەموو ئینتیمای سیاسی و ئایدیالۆژییەوە و باوەشی بۆ هەموویان کراوەتر بوو.

گۆڤاری ڕامان بە بڕوای من لەناو چەند گۆڤارێکی تردا لەجیاتی ئەوەی لەناو جوگرافیایەکی بچووکی کوردستاندا قەتیس بمێنێت، بەڕاستی گۆڤارێکی کوردستانی بوو، ئاوڕێکی جیددیی لە هەموو نووسەران و قەڵەمبەدەستان و هەموو ئەو بابەتانەی لەناو پارچەکانی تری کوردستاندا هەبوون دایەوە. گۆڤاری ڕامان ئاوڕێکی جیددیی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات دایەوە، بە بۆنەی نزیکی و ئەو شێوەزارە ستانداردەی لە هەردوو بەشەکەی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، زۆرترین گرنگیی بە نووسەران و شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و هەمیشە لاپەڕەکانی بۆ نووسینی نووسەرانی ڕۆژهەڵات کراوە بووە، ئەمە کارێکی زۆر ئازایانە بوو، بەتایبەت لەسەر فیکری کوردییش لە هەردوو پارچەکەی کوردستان دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو، بە بڕوای من جۆرێک سڕینەوەی سنووری زەینییەکانی کوردستان لە نێوان ئەم دوو پارچەیەی کوردستاندا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک وتووێژی جیددیی دوولایەنەی نێوان نووسەرانی دوو پارچەی کوردستان بوو، بە دوو داڵغەی جیاوازەوە، هەندێک جار بە بۆچوونی فەرهەنگی و ئەدەبی جیاوازەوە، کە لە سەردەمێکدا پەروەردەی دوو کتێبخانەی جیاوازی فارسی و عەرەبی بوون،

ئەمە جۆرێک یەکخستنەوەی نووسەران بوو.
من خۆشحاڵم لەوەی ئەگەر لە سەردەمێکدا لەم پارچەیەی کوردستان بەرەو لەتوکوتکردن چوون، هەموو شتەکان بەرەو دووپارچەبوون چوون، هەموو دیاردەکان، تەنانەت زمانیش بەرەو دووپارچەبوون چوون، گۆڤاری ڕامان نەک هەر بەرەو دووپارچەبوون نەچوو، نەک هەر زمانی یەک خستەوە، نەک هەر نووسەرانی هەردوو زۆنەکەی یەک خستەوە، نەک هەر بوو بە مینبەرێک بۆ نووسەرانی هەموو پارچەکانی تری کوردستان، بەڵکوو سیمایەکی ڕۆشنی لە ئەدەب و فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی پێشکەش بە خوێنەران کرد، یانی هەموو خوێنەرانی لە هەموو زۆنەکان و لە هەموو پارچەکان ڕازی کرد، دەرکردنی (٣٢٦) ژمارەی گۆڤاری ڕامان لە ٢٨ ساڵی بەردەوامدا کارێکی نەک ئازایانە، کارێکی پاڵەوانانە بوو، کارێک بوو لە مێژووی ئێمەدا نەکراوە، کارێک بوو لە مێژووی دراوسێکانیشماندا دەرفەتی ئەوە نەبووە.
ئێمە لە مێژووی دراوسێکانماندا دەیبینین، هەموو ئەو گۆڤارانەی سەردەمێک سەرکەوتوو بوون، بە بۆنەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانەوە، بەبۆنەی هەر شتێکەوە بووبێت، نەیانتوانیوە تەمەنێکی زۆر دووروودرێژیان ببێت. هەموو ئەو گۆڤارانەی ئێمە لە زمانی فارسی و کۆمەڵگەی ئێرانیدا دەیانبینین، مەگین بەدەگمەن کە من ئاگادار نەبم، ئەگەرنا نەگەیشتووەتە تەمەنی ڕامان. ڕامان ٢٨ ساڵ لە خراپترین دۆخدا کاری کردووە، وەکوو دۆخی شەڕی براکوژی کە دۆستان باسیان کرد، لە خراپترین دۆخدا وەکوو هێرشی هەموو دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانمان و لە هەموو هەلومەرجەکاندا ڕامان توانیی بێ ڕاوەستان و بێ ئەوەی مانگێک دەرنەچێت و بێ ئەوەی هەڵوێستەیەک بکات، هەروا بە پشوویەکی بەردەوامەوە دەربچێت.
یەکێک لە جوانییەکانی تری ڕامان ئەوەیە کە لەگەڵ ساڵەکاندا هەوڵی نوێکردنەوەی خۆی داوە، هەوڵی سەردەمیبوونی خۆی دا، ئێوە باشتر دەزانن، گۆڕانکارییەکان لە دنیای ئەمڕۆدا لە بەستێنی ئەدەبیاتدا ڕۆژانەیە، بە کاتژمێرە، ڕامان هەوڵی دا وەکوو گۆڤارێکی کوردیی مۆدێرن، وەکوو گۆڤارێکی فەرهەنگیی مۆدێرن بەردەوام هەم لە سیمادا، هەم لە ناوەڕۆکدا خۆی نوێ بکاتەوە. هەوڵی دا نەوەیەک لە نووسەران پێ بە پێ لەگەڵیاندا گەورە ببێت، هەوڵی دا سەرنجی چەند نەوە لە نووسەران و خوێنەرانی ئێمە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەم کارەش نەدەکرا ئەگەر ئازایەتیی ستافی دەرکردنی ڕامان نەبوایە. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوانەی ستافی (ڕامان)ن و لە (ڕامان)دا کار دەکەن، ئەگەر پاڵەوانیەتی و ئازایەتیی کاک ئازاد عەبدولواحید نەبوایە ئەم کارە نەدەکرا. بەڕاستی ئەو پیاوە نموونەیەکی دەگمەن بوو لە ڕۆژنامەوانی و ئەدیبێکی شارەزا کە توانی لە هەموو ئەم دۆخە جیاواز و ناتەبا و نالەبار و خۆش و ناخۆشانەدا ڕامانی وەکوو منداڵی خۆی بەرەو کەنارێکی ئارام برد. کاک ئازاد عەبدولواحید خۆی پێش ڕامان نووسەرێکی گەورە بووە، ڕەخنەگرێکی ناودار بووە، هەموومان دەیناسین و ئێوە لە ئێمە باشتری دەناسن، بەڵام لەو دەگمەن بەرپرسە فەرهەنگییانە بووە کە توانیویەتی هەم بە دیپلۆماسییەتێکی زۆر دروستی سیاسییەوە کار بکات کە ڕامان لایەنێکی سیاسی سپۆنسەریی دەکات و هەم توانیویەتی بە دیپلۆماسییەتێکی ژیرانەی ئەدەبییەوە لەگەڵ سپۆنسەرەکانیدا بگونجێت، هەم بە ئیعتبار و متمانەی خۆی لەناو کۆمەڵگە و لەلای سپۆنسەرەکانیشی توانیویەتی هەمیشە نووسەران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە،

هەرگیـز ڕامـان مەیدانـی دوودەسـتەبوون و مەیدانـی پارچەپارچەکردنـی نووسـەران نەبـووە، هەرگیـز ڕامـان خـۆی ڕۆڵـی دادوەری لـە بەینـی کاری نووسـەراندا نەگێـڕاوە، ئـەو (ڕامـان)ی تەنیـا وەکـوو مینبەرێـک هێشـتووەتەوە، مینبەرێکـی دیموکراتیکـی فەرهەنگـی بـۆ ئـەوەی هەمـوو کـەس کاری تێـدا بـکات.

مـن بەشـبەحاڵی خـۆم، وەکـوو نووسـەرێکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سپاسـی هەمـوو ئـەو هەوڵانـە دەکـەم کـە لـەم بیسـت سـی ساڵەدا، بەتایبـەت لـە تەمەنـی کارکردنـی مـن لـە بەسـتێنی ئەدەبیاتـدا کاری گەورەیـان کـردووە، ئەگەرچـی خـۆم کـەم کارم لـە گۆڤارەکانـدا کـردووە، بـەڵام لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـە گۆڤارەکانـدا وەکـوو (ئێسـتا) و (ئاینـدە) و (ڕامـان) کارم کـردووە و ڕێـزم بـۆ هەمـوو ئەوانـە هەیـە، بـەڵام لـەم دانیشـتنەدا بەتایبـەت بـەم بۆنـە پیـرۆزە مـن شـانازی دەکـەم کـە ڕامـان توانیویەتـی لـە هەموومـان ئازایانەتـر، بمبـوورن ئەگـەر بڵێـم لـە هەمـوو ئەوانـەی بەقـەدەر مشـتێک دەسـەڵاتیان لـەم وڵاتـەدا هەیـە، جـا چ دەسـەڵاتی سیاسـی، چ دەسـەڵاتی فەرهەنگـی، چ دەسـەڵاتی ئەدەبـی و فیکـری، ئازایانەتـر و دیموکراتیکتـر توانیویانـە لەگـەڵ خوێنەرەکانیـان و نووسـەرەکانیاندا هەڵسـوکەوت بکـەن. مـن سپاسـی هەمووتـان دەکـەم، سپاسـی کاک ئـازاد عەبدولواحیدی ئازیـز دەکـەم، سپاسـی سـتافەکەی دەکـەم و هیوادارم ڕۆژێکـی خۆشـی پـڕ لـە پەیڤـی ڕاسـتگۆیانەتان ببێت.

**سەرنج:**

دەقـی وتـەکان، لـە دووەمیـن فیسـتیڤاڵی ڕامـان، ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/١٩ پێشـکەش کـراوە.

**(ڕامان)**